# پێش ڕەمەزان بە ڕۆژێک یان دووان بە ڕۆژوو مەبن، مەگەر کەسێک نەبێت کە ڕۆژوویەکی دیاریکراوی دەگرت؛ ئەوا با بە ڕۆژوو بێت

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «پێش ڕەمەزان بە ڕۆژێک یان دووان بە ڕۆژوو مەبن، مەگەر کەسێک نەبێت کە ڕۆژوویەکی دیاریکراوی دەگرت؛ ئەوا با بە ڕۆژوو بێت».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

لەم فەرموودەیەدا پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لە ڕۆژووگرتن لە پێش ڕەمەزان بە ڕۆژێک یان دووان کە لە پاش یەک بن، مەگەر کەسەکە ڕا هاتبێت لەسەر ڕۆژووگرتن بۆ نمونە وەکو ڕۆژووگرتنی ڕۆژی دووشەممە؛ لەم حاڵەتەدا ئاساییە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4508